# لەمەڕ سۆزداری

شێرزاد حسن

**پرسیار: بۆ خۆشەویستی چیت هەیە؟**

**وەڵامی پرسیاری یەکەم : خۆشەویستی بەو مانایەی کە پەیوەندییەکی ئینسانییە لە نێوان دوو کەسدا ، بە تایبەتی نێر و مێ ، وەك هەر پەیوەندییەکی دیکە کۆمەڵێك فاکتەری دەرەکی و ناوەکی هەیە کە دەکرێ کاریگەری لەسەر پتەوکردن و بەردەوام بوونی خۆشەویستی هەبێ ، دەکرێ ببنە مایەی مەرگی ، دیارە بەو گشتگیرییە زەحمەتە بیر لە خۆشەویستی بکەینەوە ، چونکە هەر پەیوەندییەك تایبەتمەندی خۆی هەیە ، هەر چیرۆکێك سەرەتا و کۆتایی خۆی هەیە ، دەکرێ بڵێین پشت بەستنی لاوانی ئێمە بە کوڕ و کچەوە ، بە خێزانەکانیانەوە ، لە ڕووی ئابوورییەوە ، هۆیەك بێ لەو هۆیانەی کە وا دەکات کوڕ و کچ ئەو سەربەستییەی نەبێ کە بە کەیفی خۆیان بڕیاری چارەنووسی خۆیان بدەن ، بە تایبەتی کوڕ ، کە هەموو ئەرکە ئابووری و کۆمەلایەتییەکان دەکەونە سەر شانی ، کچیش بە حوکمی ئەوەی چاوی لە دەستی باوك و برایەتی ، ئەو سەربەستییەی نییە کە بە دەنگێکی دلێرانە لە کاتی پێویست بڵێت ((بەڵێ)) و ((نەخێر)) .**

**جگە لەوەش لای ئێمە هەموو چیرۆکێکی خۆشەویستی دەبێ بگات بە زەماوەند ، دیارە لە عورفی ئێمە هەر جۆرە پەیوەندییەکی دروست و جوان لە دەرەوەی زەماوەند یەکێکە لە حەرامە هەرە گەورەکان ، هەر حەز و ئەوینێك نەگا بە زەماوەند لای ئێمە بە پەیوەندیەکی مردوو حیسابە ، هەرچەندە ئەزموونمان زیادی کردووە، بەڵام بایی چەند توانیومانە وەك دوو ئینسان لە یەکدی نزیك بکەوینەوە ؟**

**بە داخەوە لێرە خۆشەویستی دەیەها مەرجی تێدایە ، مەرجەکانیش هەندێك جار قورسن ، گەر یەکێك لەو مەرجانە بکەوێت ، خۆشەویستی لەگەڵیدا دەکەوێت ، جگە لەوەش پاشخانی ئەخلاقی ئێمە هەر لە منداڵیەوە ئایین ڕەنگ ڕێژی دەکات ، هەر لەو سەردەمە زووەدا هەڤایەتی (ئادەم و حەوا)مان بۆ دەگێڕنەوە و باس لە گوناهی یەکەم دەکرێت، هەر لەو کاتەوە لە خەیاڵی هەریەك لە ئێمەدا ئەو چیرۆکە بە جۆرێك داگیرمان دەکات کە هەموو نزیك بوونەوەیەك و بەریەکدی کەوتنێك بە حەرام بزانین، جگە لەوەش .. چ لە ماڵ چ لە قوتابخانە ئێمەی نێر و مێ بە تەواوی دەکەن بە دوژمنی یەکدی و وامان لێدەکەن کە لە یەکدی بترسین و شەرم بکەین ، هیچ کەسێك لە ئێمە بایی ئەوەندە بڕوای بە خۆی نییە کە پڕ بە دڵ و پڕ بە دەم بتوانێت خۆشەویستی دەربڕێ .**

هەمیشە لێرە ، لە کەلتوری ئێمەدا ، خۆشەویستی گەمەیەکە کوڕ دەکا بە ڕاوچی و کچ دەکا بە نێچیر ، کوڕ دەکات بە جەللاد و کچ دەکا بە قوربانی ، هەموو دەست پێشخەرییەکان لە لایەن نێرەوە دەست پێ دەکات ، لێرە بەدەگمەن کەسێکی تەندروست دەدۆزیتەوە لە نهێنییەکانی خۆشەویستی تێبگات ، نە کوڕ و نە کچ هیچ کامیان خۆیان ناناسن ، بەرامبەرەکەت ناناسیت ، ناسینی ئەویدیکە لە ناسینی خۆتەوە دەست پێ دەکات ، جگە لەوەش لێرە هیچ (کات و شوێنێك) نییە مرۆڤەکان بتوانن ئازادانە گەمەی خۆشەویستی بەڕێوە ببەن ، لە هەموو شوێنەکانیش ، دیوارێکی ئەستوور لە نێوان نێر و مێیەکاندا هەڵچنراوە ، قوتابخانەکان و زانکۆکان و فەرمانگەکان هێشتا لە (حەرەم سەرا) دەچن ، هێشتا کەسەکان بە نێر و مێیانەوە ، لە ڕووکەشدا تێکەڵ دیارن ، بەڵام لە گەوهەردا دوورن لە یەکدی ، نموونەی ئەو ترس و دوودڵییەی کە لە نێوان کچان و کوڕانی زانکۆدا هەیە گەورەترین بەڵگەیە کە ئەم تێکەڵبوونە لەوە نەهاتووە کە ئێمە لە ڕووی شارستانییەوە بڕوامان بە تێکەڵبوون هەبێ ، بەڵکو زانکۆ وەك دەزگایەکی ڕۆژئاوایی قەرز کراوە.. تەنها وەکو ساختمان و پڕۆگرامێکی عەمبارەپۆی خوێندن گەیشتۆتە ئێمە ، بەڵام لەسەر ئاستی پەیوەندی ئینسانی لە ئاستێکی زۆر نزمدایە ، هەمان کەلتووری پڕ ترس و شەرم و داخراوی ناو خانەوادە و گەڕەك هاتۆتەوە ناو زانکۆ .

هەر بۆیە گەورەترین فەزا لای کوڕان و کچانی ئێمە زانکۆیە کە تیایدا یەکدی بناسن ، کەچی مایەپووچ و دەست بەتاڵ دەمێننەوە ، چیرۆکی زۆری شکەستی و نوشوستی گەمەی خۆشەویستی لە زانکۆدا لە هەموو شوێنێك زیاترە ، لە زانکۆدا ئەو کەم خەونەی بە ناسینی (ئەوی دیکە) کە پێشتر هەتبووە ، بە تەواوی دوای تەواو کردنی قۆناغی خوێندن لە زانکۆدا ئەو کەم خەونەش نامێنێت ، زۆر لە کوڕان و کچانی ئێمە دوای تەواو کردنی خوێندن و دامەزراندن لە دەزگاکان واز لە خەونی خۆشەویستی دەهێنن و خۆ فڕێ دەدەنە ناو باوەشی (قیسمەت و قەدەر).

هەر لەبەر ئەوەیە گەورەترین جەنگ ئەو کاتە دەست پێدەکات کە نێر و مێیەك دەبنە مێرد و ژن ، چونکە وەك دوو بوونەوەری نامۆ پڕ لە گرێ بە یەکدی دەگەن ، دوو کەس کە قەت لەوە ناچێت خەونی دۆڕاوی خۆشەویستی وایان لێ بکات هێمن و ئارام و واقیعییانە بیر بکەنەوە ، یەکێك لە هۆکارە هەرە گرنگەکان بۆ شکەستی خۆشەویستی ئەو درۆ و ڕیاکارییەیە کە کوڕ و کچانی ئێمە بە یەکدی دەفرۆشن، هەر لە سەرەتاوە دەمامك دەبەستن ، هەر یەکە و ڕووی ڕاستەقینەی خۆی لەوی دیکە دەشارێتەوە ، هەمیشە ناسنامە و حەقیقەتی هەست و نەستی خۆی لە بەرامبەرەکەی بزر دەکات، ئامادە نییە وەك خۆی کە هەیە دەربکەوێت ،بەڵکو دۆخێکی شیزۆفرینیی دەژی ، لەو بەرگەدا خۆی دەنوێنێت و دەبێت بەو ئەکتەرەی کە

بەرامبەرەکەی حەزی پێدەکات، ئەو هەموو ڕیاکاری و دەمامك بەستنە جارێك و دوو ... دە سەر دەگرێت، بەڵام لە شوێنێك و زەمانێکدا هەر دەبێت نوشوستی بێنێت .
بە داخەوە هەندێك جار دوای زەماوەند دەردەکەوێ و کارەساتەکە قورستر و جەرگبڕتر دەبێت ، بیریشمان نەچێ کە خۆشەویستی بە تەنها سۆزێکی ڕووت نییە کە دوو کەس بیگۆڕنەوە ، بەڵکو خۆشەویستی ڕاستەقینە بڕیارێکی ئادەمیانەیە و عەقڵ لە پشتییەوە ئامادەیە ، خۆشەویستی وزەیەکی گەورە و لە بن نەهاتووی دەوێت بۆ (بەخشین و وەرگرتن) ، لێرەو لەناو ئێمەدا ئەو وزەیە هەر لە منداڵییەوە دەکوژرێت.
سەبارەت بە خۆم ، لە زۆربەی چیرۆکەکاندا ، گەر سەرنج بدەیت چیرۆکی کوشتنی ئەو هەموو وزەیە دەبینی ، کوێرکردنەوەی هەموو سەرچاوەکانی خۆشەویستی ئێمە زۆر لەوە ترسنۆکتر و شەرمنترین کە بوێرین بچینە ناو سەرکێشییەکانی خۆشەویستی ، لەوە بەستەزمانتر و کۆیلەترین ، وەك لە سەرەتاشەوە وتم : لە لای ئێمە هەموو دەستپێشخەرییەکان هی کوڕە ، لێرە کچ ڕۆڵێکی پاسیڤ و بێدەسەڵاتی دراوەتێ ، دیارە ئەوەش هەر گوناهی ئەو ژینگە و دەوروبەرەیە کە کچەی تیا پەروەردە بووە ، کچ هەمیشە بوونەوەرێکە دەبێ چاوەڕێ بێت و وەك کەسێك خاوەن خود و ویست و حەزو ئارەزووی خۆی نییە ، بوونەوەرێکی ئاکتیڤ نییە ، هەر بۆیە گەمەی خۆشەویستی زۆر لاسەنگتر دەبێ ، ڕاستە کە لە جیهانی مەل و ئاژەڵانیشدا نێرەکە دوای مێیەکە دەکەوێ و هەموو تەکنیکێك بەکار دێنێ بۆ ڕامکردن و ڕاییکردنی مێیەکە ، بەڵام لە دونیای ئێمەدا شارستانیەت و مەعریفەت پێمان دەڵێ کە دەبێ ئێمە نێر و مێیەکان هاوتا و هاوشانی یەکدی بکەینەوە، بەڵام ئەفسووس کە دیسانەوە ئەو بڕە زانیارییەی لای ئێمە هەیە و کۆی کۆدی مۆڕاڵی ئێمەی پێوە پەیوەستە لەسەر حیسابی کوشتنی (ئیروسییەت)ە و کوێرکردنەوەی هەموو چاوگ و سەرچاوەکانی ژیاندۆستی و جوانپەرستییە ، مەعریفەتێکە ئەوەندەی وا دەکات لە خۆمان بترسین ئەوەند وامان لێ ناکات خۆمان بناسین .

**پرسیار** / لە زۆربەی بەرهەمەکانت زۆر لە کێشەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ لایەنی سێکسی ، ئایا ئێوە سەرکوتکردنێکی سێکسی لە ناو کۆمەڵگای ئێمەدا دەبینن؟سەرچاوەی ئەم سەرکوتکردنە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

**وەڵام** : سەیر نییەو مێژووی ئەم سەرکوتکردنە سەدەها ساڵە .. ئەوە هەر من نیم کە باس لە نهێنییەکانی پەیوەندی نێر و مێ دەکەم ، هەموو نووسەرانی دونیا لێرە و لەوێندەرێ سەرتۆپی بابەتەکانیان مەسەلەی پەیوەندی نێر و مێیە ، من وەك لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشووتردا وتم دەمەوێت چیرۆکی کوشتنی (ئیروسییەت) بگێڕمەوە و باس لە نهێنی و

گرێیەکانی ئەو پەیوەندییە بکەم ، وزەی سێکسی بۆ من وزەیەکی ئیرۆسییە ، ئیرۆسییەتیش هەموو ئەو دۆخ و شتانە دەگرێتەوە کە ژیان جوانتر و خۆشتر دەکا و وامان لێ دەکا خۆشبەخت بین ، من پتر باس لە ئاڵۆزییەکانی ئەو پەیوەندییە دەکەم ، ڕیاکاری و درۆ و دووفاقی ، ، چیرۆکی ئەو سەرکوتکردنە دەگێڕمەوە ، ئەم بابەتە بۆ ئەوە نییە خوێنەر بوروژێ و هەڵبچێت و تەواو ، بەڵکو بۆ ئەوەیە ئەو شەوەزەنگە ناو ڕۆحی خۆی ببینێت ، لەودیو ئەو پەیوەندییە زۆر ناجۆر و نادروستە وێرانبوونی مرۆڤەکان دەبینین ، نیگەرانی و تەنیایی و خەم، پەیوەندی سێکسی و سۆزداری لە نێوان نێر و مێ-دا ئەوەندەی کە جوانە دوو ئەوەندە ئاڵۆز و پڕ نهێنییە ، هەندێکجار دەبێ بە جەنگێکی ژێر بە ژێری کە یەکێکیان دەیەوێت ئەویدیکە ببەزێنێت و خۆی سەربکەوێت .

من هەقایەتی ئەو شەرم و ترس و تەریقبوونەوەیە دەگێڕمەوە ، شەرمکردن لە هەست و هەوەس و ئارەزووکانی خۆت ، باسی ئەو هەموو دیوار و شووراو زیندانە دەکەم کە لەناو ئێمەدا و بە چوار دەورماندا هەڵچنراون ، دەمەوێت باس لە نارێکی ئەو پەیوەندییە بکەم ئەو وەختەی ناگات بە موراد و ناکام دەبێت ، هەڵبەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا ، نەك هەر ئێمە ، بەڵکو سەگ و پشیلەکانیشمان تینوون ، ئەوانیش سەرکوت کراون ، لێرە هەموو شێوەکانی خۆشەویستی و هۆگربوون و ئولفەت حەرامە و سەدەها چاودێری بەسەرەوەیە ، سەرچاوەی ئەو سەرکوتکردنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەلتوورەی خۆمان کە پاشخانی فیکری و ئەخلاقی ئایینی ئیسلامە کە هەموو لایەنە فەرهەنگییەکانی ژیانی ئێمەی داگیر کردووە ، سەرباری تێپەڕنەکردنی قۆناغی دەرەبەگی کە پایەکانی ڕەوشتپارێزی لەسەر ناموسپەرستی وەستاون ، بێگومان هەر هەموومان دەزانین کچی پاکیزەو کوڕی داوێنپاك ئەو کەسەیە کە هەموو حەزو خەون و ئارەزووەکانی خۆی سەرکوت بکا و بیخنکێنێت ، جگە لەوەش بە دیوێکی دیکەدا ئێمە هەنگاوێکمان ڕووە و شارستانیەت ناوە و لە زۆر بواردا ئەگەر بە ڕووکەشیش بێ ژیانی تازە و جۆری بەڕێوەچوونی ڕووی لە جۆرێك لە ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی ناوە ، بۆ نموونە کوڕ و کچان ناچارن تاوەکو زانکۆ تەواو دەکەن هەر هەموو حەزو ئارەزووەکان هەڵبگرن و بە تەنها دوای زەماوەند بۆت هەیە لە ڕەگەزەکەی دیکە نزیك بیتەوە ، هەر بۆیە گەر بچیتە ناو زانکۆکانی ئێمە تێدەگەیت کوڕ و کچەکانی ئێمە چەندە نەخۆش و دەردارن ، هەراسانکردنی کچان لەلایەن کوڕانەوە لە ناو زانکۆ دیاردەیەکی ڕۆژانەیە و تانە وتەشەرو پلارتێگرتن گوزارشتێکە لە بێبەشبوونی کوڕان لە هەر سۆزو جوانییەك.

هەڵبەت مەبەستم ناتەندروستی ڕۆحی و دەروونییە ، دەنا لەسەرەوەڕا و لە ڕووکەشدا کەس هیچ دەردێکی پێوە دیار نییە ، جگە لەوەش کەس نییە لە ئێمە دووچاری (نێرڤۆزە – عوساب)

نەبوویێت کە ئەویش دەرئەنجامی ئەو سەرکوتکردن و خنکاندنی ئارەزووە سۆزدارییەکانی ئێمەیە ، هەڵبەت بۆ خۆیشمان هێشتا واین لە (قۆناغی کشتوکاڵ)یدا بە هەموو رەهەندە کۆمەڵایەتییەکانەوە ، بە واتا ئێمە هەڵگری هەموو خەسڵەتە ئەخلاقییەکانی قۆناغی شوانکارەیی و دەربەگین و جۆری پەیوەندیمان و میراتی رەوشتپاریزیمان لەسەر حەرام و حەڵاڵ بەندە و بڕوای بە کەمترین کرانەوە و سەربەستی نییە ، چونکە لەم چەشنە کەلتوورەدا (ئاغاکانی رەوشتپارێزی و مەلاکان) بڕیار لەسەر ڕاستی و دروستی یان نادروستی شتەکان دەدەن ، ئافرەت لەوێدا لە ماڵات جیا ناکرێتەوە ، بەو مانایەی پیاوەکان دەتوانن بە کەماڵی ئیسراحەت بڕیار لەسەر چۆنییەتی ژیانی جوتیار و شوان و سەپان و کارەکەر و کەنیشك و کێشەکەر و کەیبانووەکان بدەن ، هیچ کەسێك بۆی نییە لە دەرەوەی (دیوەخان) قسەیەکی دیکەی هەبێت ، هەڵبەت هەمان دیوەخانی ئەخلاقی گواستراوەتەوە ناو شار و بە حوکمی نەگۆڕانی بەهاکان دیسانەوە هەمان سەرکوتکردن پەیڕە و دەکرێت ، ئەگەر لە گوندەکاندا بە حوکمی هەندێك کاری هەرەوەزی و خوێن تێکەڵ بوون فەزایەکی کەمێك کراوە جاروبار دروست ببێت ، ئەوە لە شار ئەو فەزا بەرتەسکەش نابینیت ، بۆیە دامەزراندنی پەیوەندییەکی جوان و تەندروست لە نێوان نێر و مێیەکاندا زۆر قورستر دەبێت.

کەواتە پاشخانی فیکری و ئەخلاقی کە بە ئایینەوە بەندە ، جێگیر بوونی ئێمە لە قۆناغێکی زۆر دواکەوتووانەی دەرەبەگیدا وای کردووە زۆر هێواش ڕووە و گۆڕانە گەورەکان هەنگاو بنێین.

لە ڕاستیدا کەسێك لە ڕووی سێکسییەوە مامەڵەیەکی تەندروستی لەگەڵ ڕەگەزەکەی بەرامبەریدا نەبێ ، چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێ کە کەسێکی بێ زەوق و بێ موود و نیگەران و دڵگرمێی لێ دەربچێت ، لەوەدایە کەسێکی خۆپەرست و شەڕانگێزی لێدەرچێت ، کەسێك کە نەتوانێت خۆشەویستی ببەخشێ و وەریبگرێت ، کەسێکە هەرگیز ئامادە نییە ئەوەندە بێفیز بێت و ڕۆحی بەخشندەیی هەبێت ، کەسێکە ڕاڕاو بە گومان ، کەسێکە جێی بەزەیی و دڵ پێ سووتان ، کەسێکە ناتوانێ ستایشی سیحر و جوانی دولبەرەکەی بکات و لێی ورد بێتەوە ، ئامادەیە جامێك تێزاب بەو رووخسارە جوانەدا بکات ، کەسێکە بە خەون و خەیاڵ لەگەڵ هەموو حۆرییەکانی بەهەشت و کچانی گەڕەکی خۆیان دەخەوێت ، کەچی بێداری بکەرەوە حاشای لێ دەکات .

ئەو کەسە هەر کێ بێت ، ناتوانێ لەگەڵ بەرامبەرکەیدا کە ڕەگەزەکەی دیکەیە ( ژیان بەش بکات ) ، هەرچی سەرسامی و خۆش هەیە لە بەرامبەرەکەیدا ، ئەو نایبینێت . بیرمان نەچێ

هەر كاتێك ئەو غەریزە زاڵ و بەهێزە سەركوت كرا .. دەبێتە مایەی لە ڕێ لادانێكی ترسناك و كوشندە و مرۆڤ لە ڕاستەڕێ و سروشتی خۆی لادەدات.

**پرســیار/** ئێوە بانگەشە بۆ لابردن و پچڕاندنی كۆت و بەندە سێكسیەكان دەكەن ، ئایا ئامادەیت ئەندامانی خانەوادە و منداڵەكانی خۆشت ، ئاواهی ئازاد بن ؟

**وەڵام** : زۆر كەس هەن ، هەتا لەسەر ئاستی قوتابیانی زانكۆش ، بە هەڵە لە كۆی بەرهەمەكان و نووسین و كۆڕەكانی من تێگەیشتوون ، تەنها و تەنها ئەو دیوە دەبینن كە من باسی لابردنی دیوار و شووراكان دەكەم ، ڕماندنی حەسارەكان و حەرەم سەراكان ، من بیرم نایە لەهیچ كات و شوێنێكدا باسم لەوە كردبێ كە هەرچی كۆت و بەند هەیە لەسەر پەیوەندی سێكسی هەڵبگیرێت ، هەموو هەوڵی من بۆ ئەوە بووە كە دەبێ تا زووە ئەو فەزا ئازادە دروست بێت كەنێر و مێیەكان تیایدا بە قووڵی یەكدی بناسن ، شەرم لە یەكدی نەكەن و ئەوەندەش لە یەكدی نەترسن ، شەرم لە جەستەی خۆیان نەكەن ، وا نەكەین كوڕ و كچەكان كە باڵق دەبن وابزانن گوناهی گەورەیان كردووە و تەریق ببنەوە ، بڕوام بەوەیە كە هەر لە باخچەی ساوایان و قۆناغی سەرەتاییەوە تا زانكۆ كوڕ و كچەكانمان تێكەڵ بن ، هەزارەها كافتریا و قاوەخانە و باخچە و سەیرانگا بكرێنەوە كە تیایدا نێر و مێیەكان بوێرن تیایدا یەكدی ببینن و بناسن .
لە چێشتخانە نەنوسرێت (( شوێنی تایبەتیمان هەیە بۆ خێزان )) ، ئەوەیان ئەوپەڕی شوورەییە ، من بۆ خۆم (25)ساڵ مامۆستای ئامادەیی بووم ، هەزارەها كوڕ و كچی نیگەران و تووڕە و غەمگینم بینی كە بێزەوەر لە یەكدی دەترسان و شەرمن بوون، نەوەی من نەوەیەكی زۆر شەرمن و ترسنۆك و تەنیا بوو ، نەوەیەكی نەخۆش..لە گەرەگێك گەورە بووم كە كوڕە تازە باڵقبووەكانی دەچوونە گژ ماكەر و هێسترەكان ، لە منداڵیەوە لە هەڵسوكەوت و خولقی كوڕان و كچانی گەڕەك ورد دەبوومەوە ، لە خولقی دایكان و باوكان ، لە خوشكەكانی خۆم و براكانم .. لە نزیكەوە لە دایك و باوكی خۆم ورد دەبوومەوە ، كە چوومە زانكۆ لە بەغداد ، خەمی سەرەكی كچ و كوڕەكان دەرس و دەور و زانیاری نەبوو ، بەڵكو هەر هەموو خەمی هاوڕێكانم بە نێر و مێ‌وە ئەوە بوو چۆن نیگایەك ، بزەیەك لە یەكدی بدزن ، من دەمدی چۆن لە ژوورەكانی بەشی ناوخۆدا هەندێكیان بەسەرخۆشی لە تاو حەزی كچێك دەگریان و دەیانبۆڕاند ، من دەمدی كە عاشق نەدەبوون ، یان لە عەشق نائومێد دەبوون چۆن بۆ ڕۆژی دواتر بە دوای سۆزانییەكدا دەگەڕان ، هەرزانترین سۆزانی ، ئیدی من لەوەوە تێگەیشتم كە نەبوونی پەیوەندییەكی سۆزداری لە نێوان نێر و مێ چ وێرانەیەك و قەهرێك دروست دەكات.
دەكرێت بڵێین " لیبیدۆ " كە كانگای هەوەس و شەهوەتەكانە ، بە تەنها سەرچاوەی وزەیەكی

سێکسی نییە ، بەڵکو سەرچاوەی وزەیەکی سۆزدارییە ، بە واتا ناسینی ڕەگەزەکەی دیکە زۆر جاران وامان لێ دەکا هێمن و لەسەر خۆ بین ، لە پەیوەندی نێر و مێ-دا ئەوەی کە زۆر گرنگە بە تەنها وزەیەکی سێکسی نییە ، بە تەنها تێرکردنی غەریزە نییە ، بەڵکو هەمیشە نێر و مێ زۆر مەبەستیانە بەرامبەرەکەی لە نزیکەوە بیناسێت ، دان بە جوانییە جەستەیی و ڕۆحییەکانی بنێت ، چاوەڕێی جۆرێك لە ستایش و پێداهەڵدانە لە بەرامبەرەکەی ، چاوەڕێی ئەوەیە لەوانیدیکە جیای بکاتەوە و تایبەتمەندیەکانی ببینێت ، بۆیە من تەنها بانگەشەی ئەو ناسین و لێکدی نزیکبوونەوەیە دەکەم ، من هەرگیز  بانگەشە بۆ بەرەڵڵایی و تێکەڵ بوونێکی کوێرانە ناکەم ، هەر کەسێك وا لە من کەیشتبێت کە من بڕوام بە (ئیبحاییەت) هەیە و دەمەوێت وەك تەگە و بزن خەڵکی سواری یەکدی ببن و بەرببنە یەکدی ، ئەوە خراپ منی خوێندۆتەوە ، یان خۆی حەز دەکا وا بمبینێت کە هەندێکیان بە نیازی ناوزڕاندن ئەم بۆچوونە تۆخ دەکەنەوە ، من بڕوام بەوە هەیە کە هەر کەسێك ئازادە لە هەڵبژاردنی ئەو کەسەی خۆشی دەوێت  ، هەموو پەیوەندییەك لە دەرەوەی خۆشەویستی بە حەرام دەزانم هەتا ئەگەر لەسەر دەستی هەزار مەلا و قازی مارە کرابێت..هەموو ئەوانەی کە لە سەردەم و قۆناغە جیاوازەکاندا بە درۆ و زۆردارەکی مارە کراون من بە حەرام و نامرۆڤانەی دەزانم ، ئەوەی من بانگەشەی بۆ دەکەم لابردنی کۆت و بەند نییە لەسەر (غەریزەی سێکسی) ، بەڵکو لابردنی کۆت و بەندە لەسەر (یەکدی ناسین و خۆشەویستی) ئەوەش دوو شتی زۆر جیاوازن ، من لە سەرەتاوە باسم لەوە کرد کە ناتوانین کۆمەڵگایەکی تەندروستمان هەبێت  گەر دوو مەملەکەت و دوو زیندانی جیاوازمان هەبێت ، یەکێکیان بۆ نێر و یەکێکیان بۆ مێ ، بە داخەوە لە هەر هەموو شوێنەکاندا من هەست دەکەم ئەو دوو زیندانە هەن ، لەودیو تەلبەند و شیشەبەندی قەفەزەکانەوە لە یەکدی دەڕوانین ، ڕەنگە ئەم گوزارشتەیە شاعیرانە بێ ، بەڵام لەلای من حەقیقەتە ، ئەوەی من بانگەشەی بۆ دەکەم ئەوەیە کە کوڕ و کچان لە یەکدی نەترسێنین ، هەوڵ بدەین ئازایانە ناخودئاگاهی و نەستی خۆمان (لا شعوری) خۆمان هەڵبکۆڵین و کار لەسەر پاککردنەوەی زاتی خۆمان بکەین ، پرۆسەی ( خەساندنی ڕۆح و جەستە ) لە ناو خانەوادە و مزگەوت و دەزگا پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانمان ڕابگرین ، شکۆمەندی بۆ مرۆڤ خۆی بگەڕێتەوە و لەو زەلیلییە قورتاری بکەین ، یەکێکیش لەو هەنگاوانە ناسینی خۆمان ە بەرامبەرەکەمانە ، داننانە بە حەز و ئارەزووە ئینسانییەکان ، بە خولیا و خەونەکانی.

سەبارەت بەوەی من ئامادەم ئەندامانی خانەوادەکەی خۆم ئازاد بن ، دیسانەوە ئەو پرسیارە بەر لەوەی لە من بکرێت ، دەبێ لەو کچ و ژنانە بکرێت کە لە منەوە نزیکن و دەبێت ئەوان

وەڵام بدەنەوە .. نەك من .. بەڵام تا ئەو بەشەی کە پەیوەندی بە منەوە هەبێت ، من لەگەڵ تەواوی ئازادیدام لە خۆشەویستی و هەڵبژاردندا ، بەوەشەوە کە بڕوام وایە کە لە خۆشەویستیدا بردنەوە و دۆڕان هەیە ، کەوتن و هەستانەوە هەیە ، گریان و پێکەنین هەیە ، هەر کەسە و باجی هەڵبژاردنەکانی خۆی دەدات ، ئازادی لە لای من مومارەسەی خۆناسین و ناسینی ئەویدیکەیە ، گەیشتنە بە تەواوی کەماڵی ئینسانی نەك خۆدۆڕاندن ، لابردنی کۆت و بەند لەسەر غەریزەی سێکسی بەشێوەیەکی ڕەمەکی و کوێرانە لەلای من ئەوپەڕی دۆڕان و خۆخەسارکردنە ، بەڵام هەر پەیوەندییەك کە بەوپەڕی سۆز و هوشیارییەوە دابمەزرێت و دوو کەس لە بەرامبەر هەڵبژاردنەکانی خۆیاندا بەرپرسیار بن ، لە قازانج و زیانی ئەو پەیوەندییە ، لە خۆشی ناخۆشییەکانی هاوبەش بن ، کەسیان چەوسێنەر نەبێت و نەیەوێت ستەم لە بەرامبەرەکەی بکات ، نەیەوێت درۆ بکات و ڕاستی ببێژێت و حەقیقەتی خۆی بۆ بەرامبەرکەی بدرکێنێت ، هەمیشە لە خەمی ئەوەدا بێت کە بەرامبەرەکەی زەرەر نەهێنێت و تێکنەشکێت .. ئازادی خۆی لەو شوێنەدا بوەستێنێت کە ئازادی بەرامبەرەکەی دەست پێ دەکات ، ڕێزی ( بەڵێ ) و ( نەخێر )ی بەرامبەرەکەی بگرێت .لێرەدا من هەزار درووود دەنێرم بۆ ئەو جۆرە پەیوەندییە ، بیرمان نەچێت خۆشەویستی لەم جۆرە کەلتورەدا ئازادی ڕەها نییە ، بەڵکو زۆر جاران ڕاگرتنی هەموو حیساب و هاوکێشە زۆر ئاڵۆزکانی ئەو پەیوەندییەیە کە لەگەڵ بەرامبەرەکەتدا هەتە ، هەر بۆ نموونە : لێرە و لە ناو ئەم کەلتوورەدا کە پاکیزەیی ( پەردەی کچێنی ) تاکە سامانی کچانە و نەمانی کارەساتێکە و ڕەنگە سەری ئەو کچەی تێدا بچێت کە ئەو سامانەی لەدەست دەدات ، بە ناوی لابردنی کۆت و بەند لەسەر غەریزەی سێکسی و لە ژێر ناوی گەمەی خۆشەویستی کوڕێك زاتی ئەوە بکات دولبەرەکەی ئەتك و بێ بن بکات و پاشان وەك بەرزەکی بانان بۆی دەربچێت و ببێتە مایەی لەناوچوونی کچەکە ، ئەمەیان چ جۆرە ئازادییەکە؟ من هەرگیز بڕوام بەو ئازادییە نییە کە باجە زۆرەکەی کچ بیدات و کوڕ تیایدا سەر سەلامەت بێت ، هەتا ئەو کاتەی کە چیرۆکی خۆشەویستی دەدۆڕێت و لەو پەیوەندییەدا کە دەڕووخێت ، یەکەم کەس کچەیە کە لە زۆر ڕووەوە زەرەر دەکات ، کەچی کوڕە سەلامەتە ، بۆ کوڕە فیز و شکۆ و نێرایەتی و پاڵەوانبازییە ، بۆ کچە ئابڕووچوون و مایە پووچییە ، بۆیە من دژی ئەم جۆرە ئازادییەم کە کچ دەکات بە قوربانی و کوڕەش دەکات بە جەللاد، من هەر لە سەرەتاوە گومانم لە بوونی خۆشەویستی هەیە لەم جۆرە کەلتوورە و لەم کۆمەڵگایەدا ، ئەوەش بەو مانایە نایەت کە مرۆڤ ، بە نێر و مێیەوە نەچێتە ناو سەرکێشییەکانی خۆشەویستی .. ئەوەیان هەر بووە و هەر دەبێت ، بەلام من دژی ئەوەم کەسێك وا بزانێت من بانگەشە بۆ لابردنی کۆت و بەند دەکەم و ئازادی ڕەها و عیشقی ئازادم گەرەکە بەو مانایەی کە سێکس و

ئازادی سێکسی هاوتا بکەمەوە بە خۆشەویستی ، چونکە ئەم دوو شتە زۆر جیاوازن ، من بانگەشەی وا ناکەم ، چونکە دەزانم بە تەنها کچان تیایدا زەرەرمەندن .

**پرسیار** / لە زانکۆدا زۆر پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوان کوڕ و کچان دروست دەبێ ، بەڵام دەرئەنجامەکەی زۆربەی هەرە زۆری سەرکەوتوو نابێت ، هۆکارەکانی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

**وەڵام** : لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشووتردا کەم و زۆر وەڵامی ئەم پرسیارەم داوەتەوە .

**پرسیار** / لە چیرۆکەکانت زۆر باس لە دڵڕەقی باوکت دەکەیت..ئاخۆ تۆ خۆت وێنەی باوکت لە خۆتدا کۆپی ناکەیتەوە؟

**وەڵام** : ئەوەش هەر خەراپ تێگەیشتنە ، من باس لە سیستەمێکی زۆر قەبە و زەبەللاح و بێ کۆتایی دەکەم کە هەر هەموو مێژووی ئێمەی داگیر کردووە ، ئەویش سیستەمی پاتریاکییە ( باوك سالاری ) کە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمەی داگیر کردووە و لە چوارچێوەی ئەم سسیستەمەدا کار دەکات ، بگرە هەر هەموو رەمزو کۆدە کۆمەڵایەتییەکان لای خۆیەتی، تا بڵێیت سیستەمەکە ستەمکار و دڵڕەقە و هەموو ژیانی ئەخلاقی ئێمەشی وێران کردووە ، بۆ ئەوەش دەپرسی ئاخۆ من وێنەی دووەمی باوکمم لە ناو خانەوادەکەی خۆم ، من نایزانم تۆ دەبێ ئەم پرسیارە لە ئەندامانی خێزانەکەم بکەی .. نەك لە من . گەرتۆ نۆڤلێتی "حەسار و سەگەکانی باوکم"ت خوێندبێتەوە..لەپێشکەشکردنەکەدا نووسیومە "پێشکەشە بە منداڵەکانم کە ئومێدەوارم لە حەساری هیچ کەسێکدا نەژین..هەتا گەر هی منیش بێت."

**تێبینی**: پرسیارەکان لەلایەن کاك "فرسەت"ەوە ئامادە کراون.